


**پێداچوونەوە یەک بە تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە ( حیاکی) بۆ شاردنەوەی واقعییەتی تیرۆری د.قاسملوو و سەدان ئەندامی حدکا, هاوکاریی‌کردنی لەگەل زانیاریی یەکێتی نیشتمانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بۆ تیرۆری ئەندامانی حدکا لە باشور و رۆژهەڵاتی کوردستان.**

**مافناس – حەسەن ئەیوبزادە**

**بەڵگە نامە نهێنییەکان**

## بەشی ٢١

**لە بەشی ٢٠ ی پێداچوونەوەیەک بە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بە وەرگێڕدراوی دەقی کوردیی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان, رامان گەیاند کە سی و چوار لاپەڕە لە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاخری کتێبەکەی نووسەری وێنێزۆئێلایی بە ناوی خاتو کارۆڵ پرۆن هۆبێر ( لاپەڕەکانی ٣١٥ تا ٣٤٩) تەرجەمەی فتاح کاویان کە کۆمەڵێک زانیاریی گرنگ لەسەر روداوەکانی گرێدراو بە تیرۆری د. عەبدوررەحمان قاسملوو، سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و تیرۆری عەبدوللا قادریی، نوێنەری ئەوحیزبە لە ئوروپا لەخۆدەگرن، بە تەواوی لەلایەن مەلا عەبدوللا حەسەنزادە (حیاکیی)یەوە سانسۆر کراون. لەو رووەوە بۆمان نەکرا بەو بەشە سانسۆرکراوەدا بچینەوە.**

**لە بەشی ٢٠ ی لێکۆلینەوەکە دا باسمان لە ئاشکرا کردنی کاسێتێکی د.قاسملوو، تۆمارکراوی ٢٧ساڵ لەمەو بەر کرد کە بە گرنگترین بەڵگەی هەموو روداوەکانی تیرۆری د.قاسملوو، د.شەرەفکەندیی و سەرجەمی کارەساتەکانی کوردستان: ئەنفالەکان، هەلەبجە، توناکردنی بزووتنەوەکانی کورد لە باشورو رۆژهەلاتی کوردستان دەناسرێ کە لەلایەن مەلا عەبدوللا حەسنزادەو تیمەکەیەوە شاردرابۆوە. ئەو دۆکۆمێنتە گرنگە چەند حەوتوو لەمەوبەر لە لایەن بنکەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) لە دانمارک لە فێسبووکدا بڵاو کرابۆوە.**

**ئەو دۆکۆمێنتە پەیام یان خیتابی نهێنیی جەلال تاڵەبانیی بۆ " وتوویژی "خولی یەکەمی د.قاسملوو لەگەڵ دوو تێرۆریست/ دیپلۆماتی ئیتتیلاعات ( دەزگای جاسوسیی ) سپای پاسدارانی ئێران بووە. لەو وتوێژەدا**

**١– محمد جعفری صحرارودی، خەلکی شیراز دواتر بەوردیی دەناسێندرێ.**

**٢– حاجی مصطفوی، اجوادی ،لاجوردی، الیاس، مصطفوی ، مصطفی، حاجی یان حاجی آقا، راوێژکاری صحرارودی**

**. ئەو دوو کەسە لەلایەن جەلال طالبانیی‌یەوە بە ناوی نوێنەرانی نیزام، نوێنەرانی سەرۆک کۆماری ئێران و نوێنەرانی سەرۆکی پارلمان بە د.قاسملوو ناسێندرابوون.**

**اجوادی یان حاجی مصطفی گوایە لوڕ بووە و زمانی کوردیی بە باشیی زانیوە. قابلییەت و بەرپرسایەتییەکانی بریتیی بوون لە: سەرۆکی دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە تاران. ناوبراو لەبەڕێوەبەریی دەزگای جاسوسیی ( ئیتتیلاعاتیی‌دا دەورێکی باڵای هەبووە. لە کاتی وتووێژدا بەرپرسی ئەمنییەتیی – ئیتتیلاعاتیی پارێزگای ورمێ ، " آذربایجان غربی" بووە**

**محمد جعفری صحرارودی سەرپەرشتی هەیئەتەکە تێرۆریست – دیپلۆماتێکی دەزگای ئیتیلاعتی سپای پاسداران بووە کە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٦ ەوە دوای "رێکەوتن " ە نە قانوونیی –خێڵەکیی‌یەکەی تالەبانیی و وەفدەکەی لەگەڵ باقری ذوالقدر بەرپرسی "کومیتەی کارەتایبەتیی‌یەکان" بۆ تیرۆری دژبەرانی سیاسیی رژیم) دەفتەری سەرەکیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانی لە گوندی چوڵکراوی یاخسەمەر ( ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی و شوێنی ژیانی تالەبانیی لەچەند کیلۆمیتریی دەفتەری سیاسیی حدکا لە گەورەدێ لەبناری گۆجار و زنجیرە چیای ژیلوان.لە لێواری سنورری رۆژهەلاتی کوردستان دامەزراندبوو.**

کردنـی یـەکێتیی نیشـتمانیی بـە بەشـێک لـە ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران بـە پێـی ڕێکـەوتنی تشـرینی ١٩٨٦ ی تالـەبانیی و وەفدەکـەی پێکهـاتوو لـە: فەرەیـدون عەبـدولقادر، کـەماڵ خۆشـناو، دارا حەفیـد، ڕەفعـەت عەبـدوڕڕەحمان، شـێردڵ حـەویزی بـووە . بڕوانـە خولانـەوە لـە نـاو بازنـەدا نووسـینی نەوشـیروان مصـطفی ئـەمین چـاپی یەکـەم و دووهـەم سـاڵی ١٩٩٩ لـە بـرلین و ئاڵمـان.کرتـە بـۆ سەر لاپەرەکانی ١١٢ و ١١٣ و ١١٤ بکە و Ctrl دابگرە!

هینـانی صـحراوەدی و جێگیرکردنـی لـە یاخسـەمەر بـۆ وەرێکخسـتنی دەفتـەری سـەرەکیی ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران و رایـەڵکردنی تـۆڕی جاسوسـیی ئیتتیلاعـات لـە نـاو حـدکا و ڕێکخسـتنی پلانـی وتـوویژ و دارشـتنی پیلانـی تێـرۆری د.قاسـملوو د.شـەرەفکەندیی و کردنـی مـەلا عەبـدوللا بـە هاوکـاری ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران و وەزارەتـی ئیتتیلاعـات، خولقانـدنی کارەسـاتی : ئەنفالـەکان، هەلەبجـە، سەردەشـت و وێرانـی کوردسـتان، تێـرۆری ڕێبـەرانی حـدکاو تونـاکردنی بزوتنـەوەی ڕزگـارییخوازی ڕۆژهـەلاتی کوردسـتانی لێکەوتـەوە. تاسـاڵی ١٩٩٩ و چـاپی کتێبـی خولانـەوە لـە نـاو بازنـەدا ( نووسـینی نەوشـیروان مصـطفی ) هیچکـام لـە تەنزیمـە کوردسـتانییەکان و بـە تایبـەتیی حـدکا لـەو ئـاڵ و گـۆڕە و لـە توانـەوەی ی.ن.ک. لـە دەزگـای ئیتتیلاعـاتی سپایپاسـداراندا ئاگـادار نە ببوو.

خیتـانی تالـەبانیی بـە دەنگـی خـۆی و بـە زمـانی فارسـیی لـە کاسـێتێکدا کـە لەلایـەن دوکتـور قاسـملووەوە و لـە کـاتی وتوویژەکـاندا تۆمار کرابوو پلانی ڕژیمی ئاخوندەکان وزەمینەخولقێنی هەموو کارەساتەکانی کوردستانی ئاشکرا کردبوو.

تالەبانیی لەو پەیام وخیتابەدا توانەوەی خۆی و تەنزیمەکەی لە ناو دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران ئاشکرا کردبوو.

"ڕێکـەوتن"ی ینـک و ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران لـە ١٩٨٦ کـە تالـەبانیی، بـە هاوپـەیمانی ینـک و دەوڵـەتی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـی" پێناسـەکرد بـوو و تالـەبانیی لـەبری ئـەو ئەندامانـەی سـەرکردایەتیی: کـەماڵ فـواد، فـواد معصـوم ، فەرەیـدون عەبـدولقادر، کـەماڵ خۆشـناو، دارا حەفیـد ، ڕەفعـەت عەبـدوڕڕەحمان ، شـێردڵ حـەویزی ئیمـزای کردبـوو، بـە پێناسـەی نەوشـیروان مصـطفی ئـەمین "خەونی چۆلەکە" بووە.

سیاسـییکارەکـانی یـەکێتیی نیشـتمانیی بـە تایبـەتیی تالـەبانیی لەگـەڵ سیسـتەمی حکومەتیی،دابـەشکردنی دەسـەلات، ئـەرک و دەسـەڵاتەکانی دەوڵـەتو بەشـە جیاوازەکـانی، شـارەزانەبوون. سـەرانی ئـەو تەنزیمـە ، تـەنیا شـوێنێکی کـە ناسـیویانە بەشـی جاسوسـیی سـپای پاسـداران بـووە. ئـەوان پێیـان وابـووە هەرئەوەنـدە کـە پاسـدارێکی مـافیوز- تێرۆریسـتی وەکـو بـاقری ذوالقـدر لەسـەر کوتە کاغەزێک ناوی خۆی لە تەنیشت ناوی تالەبانیی نووسیٚ، ئەوە دەبێتە هاوپەیمانیی لەگەڵ جمهوری اسلامی ایران! ؟

تالـەبانیی لـە وتوێژێـکدا بـە نـاوی " گفتگـوی صـریح کیهـان بـا جـلال پیرامـون آینـنده جنـگ و هـم پیمـانی بـا ایـران' کرتـە بـۆ ئێـرە بکـە وCtrl دابگـرە کـە سیاسـییکارەکانی ڕژیـم بۆیـان نووسـیبوو، کـوردی بەلـەنگازی بـەرەو ئـەنفال و کۆمـەڵکوژیی یـەکانی ڕژیمـی صـدام ڕەبێچـەکدا و بیـروڕای جیهـانی لەمـەر بزووتنـەوەی کـورد گـۆڕیی و بـە تـابوری پێنجـەمی پێناسـەکرد. کرتـە بـۆ ئێـرە بکـە و Ctrl دابگـرە! تالـەبانیی دوای تواندنـەوەی تەنزیمەکـەی لـە نـاو ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران بـوو بـە بەڕێوەبـەری پیلانـەکانی ڕژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیی و ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران و دنـەدەری صـدام و ڕژیمەکـەی بـۆ خولقانـدنی ئەنفالـەکان، کیمیابـارانی هەڵەبجـە و سەردەشـت. تاڵـەبانیی لـە ڕاپۆرتێـکدا بـۆ پلێنـۆمی ٤ ینـک لـە ٢٩-٣١ /٢٠٠٩/١٠ و و نەوشـیروان مصـطفی لـە دیفاعنامـەی : لـە هاوخەباتیەوە بۆ تخوین ئیقراریان بەو واقعییەتە کرد.

گـەلی کـورد ڕۆژێـک دەبیٚ دۆسـییەی ئـەو هـەموو تاوانـە بەرێتـە دادگەیـەکی نێودەوڵـەتیی و داوای مـەحکوم کردنـی جینایـەتکارانی حـاکم بەسـەرئێران و ڕژیمـی فـەوتاوی بـەعس و قـەرەبوو کردنـەوەی زیـانی مـادیی و مەعنـەویی بنەماڵـەی ئـەنفالکراوان، کیمیابـارانکراوانی هەلەبجە، سەردەشت و هەشتهەزاربارزانیی زێندوبەچاڵکراو، تێرۆکراوانی حدکا، ڕێبەرایەتیی شۆرشگێروکۆمەلە بکا.

### طارق عزیز، وەزیری دەرەوەی ڕژیمی صدام و ئاشکراکردنی پلانی ئاگربەس لەگەڵ ئێران

دوای چـوونی فەرەیـدون عەبـدولقادر بـۆ لای طـارق عزیـز بـۆ ئاگـاداربوون لەسـەر هەڵوێسـتی بەغـدا و ئاکـامی سـاڵ و نیوێـک وتـوویژ لەگـەل ڕژیمـی صـدام بێکیفایـەتیی سیاسـیی نوێنەرەکـەی یـەکێتیی لـە وتـویژ لەگـەل طـارق عزیـز پـردی پێوەنـدیی لەگـەل ڕژیـم و ئاگاداربوون لە ئاکامی ساڵ و نیوێک وتوویژی پساندبوو.

طارق عزیز، تێشکاویی رژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بۆ نوێنەری تالەبانیی (فەرەیدون عەبدولقادر) باس کردبوو. نەخشەو پلانی رژیمەکەی و ناچارکردنی ئێران بە قبوڵی ئاگربەس و هەلومەرجی دوایکۆتاییپێهێنانی شەری بۆشیکربۆوە. کرتە بۆ ئێرە و ئێرە بکە و Ctrl دابگرە! بەلام نوێنەری سیاسیی تالەبانیی بە وەلامێکی نەشیاوی خێڵەکیی بە ناوبراو کۆتایی بە باسەکە دێنێ و بێ ئەوە چاوەروانی گەرانەوەی طارق عزیز بکا بۆ لای تالەبانیی دەگەرێتەوە. تالەبانیی و چەند کەس لە هاورێکانی بریاری دەستپێکردنەوەی شەر رادەگەیەنن و تاران بگرە و هاتم. ،

نەوشیروان مصطفی لەسەر ئەو بابەتە لە ئاخری ئەوباسە لە لاپەرەی ٨ ی خولانەوەدا نووسیبووی:" ئەگەرچی فەرەیدون لە شوێنی خۆیدا وەلامی پێویستی دابۆوە "؟! بەلام ئێمە ئەبوو هەرەشەکانی طاریق عزیز[ طارق ] کە بە زمانی حکومەت و حیزبی بەعسەوە کردبووی به جیددي وەربگرین. لەو کاتەدا خاوەني گەورەترین عەماروهێزي چەکدار بون[بوون].

تواندنەوەی هێزی پێشمەرگە لە ناو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە ١٩٨٦ و راگەیاندنی فریودەرانەی " پێکهێنانی یەکێتیی ولاتانی شیعە (هلال شیعی) + کوردستان بە سەرۆکایەتیی تالەبانیی بە پیلانی ئاخوندەکان، رژیمی صدام ی بۆ خولقاندنی ئەنفالەکان، کارەساتی هەلەبجە،سەردەشت و وێرانیی کوردستان و و توناکردنی تەنزیم و حیزبە سیاسییەکانی کورد هاندا.[1]

لە نشرینی یەکەمی ١٩٨٦ ەوە تالەبانیی و هاورێکانی دەوری ستونی پێنجەم ( تابوری 5)یان بۆ رژیمی داگیرکەری ئێران گێرا. لاپەرەی ١١٢ و ١١٣ کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا!

خەیاڵپلاوی پێکهێنانی هلال شیعی + کورردستان(بە پێناسەی نەوشیروان مصطفی: " خەونی چۆلەکە"' بوو بە هۆی سەرەکیی بۆ بێدەنگ بوونی جیهان لەو کارەساتانە کە بەسەرکورد هێنران.

یادداشتەکانی شەوکەتی حاجی مشیر بەناوی کارەساتی کیمیابارانی هەلەبجە کە خۆی بەرێوەبەری بریارەسیاسییەکانی فواد معصوم و فەرەیدون عەبدولقادر بوو، ئیددیعانامەیەکە بە دژی خۆی و هەموو ئەندامەکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی و سەرانی کۆماری ئیسلامیی و رژیمی صدام.

دوو رژیمی بەعس و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرخاکی کوردستان ئەو پلانەی کە طارق عزیز بۆ فەرەیدون عەبدولقادری ئاشکرا کرد بوو بەرێوە برد.

نەوشیروان مصطفی لە دیفاعنامەی " لەهاوخەباتیەوە بۆ تەخوین" لە خۆیو لەبەرامبەر تۆمەتبارکردنی خۆی لە لایەن تالەبانییەوە بە هاندەری صدام بۆ خولقاندنی کارەساتی هەلەبجە ، بەمجۆرە داکۆکیی کرد کە هاندانەکەی ئەو ( بووون بە کەواسوری بەرلەشکرو بردنی سپای پاسدارانی ئێران بۆ ئاگرباران کردنی دامەزراوو چالەنەوتەکانی کەرکوک بەپێێ " رێکەوتن" ی سالی ١٩٨٦ ی تالەبانیی و وەفدەکەی لەگەڵ پاسدار باقری ذوالقدر بووە. واتە تاڵەبانیی بەرپرسی هەموو کارەساتەکانی کوردستان بووە. ئەوەش راستە. تاڵەبانیی لە رێکەوتن لەگەل باقری ذوالقدر کە بنەمایەکی قانوونیی نەبووە تەنزیمی یەکێتیی کردبوو بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران کرتە بۆ ئێرە و ئێرە بکەو Ctrlدابگرە! بەلام بەرپرسایەتییەکە هاوبەشە. هەموو ئەندامانی سەرکردایەتیی لە دانی ئەو بریارەدا بەرپرسایەتیی هاو بەشیان هەبووە.

دوای ئەو رێکەوتنەی تالەبانیی و باقری ذوالقدر لە ١٩٨٦ یەکێتیی نیشتمانیی خاوەنی هیچ بریارێکی سەربەخۆی سیاسیی نەبووە. ئەوەی کردوویە بە بریاری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بووە. خیتاب وپەیامەکەی تالەبانیی بۆ دەسپێکی وتوێژی د.قاسملوو و صحرارودی لە رۆژیەکەمی وتوێژ بۆ نیشاندانی ئەو واقعییەتە لەبەر دەستە. بروانە دەقی رێکەوتنەکە!

تالەبانیی لە راپۆرتەکەیدا بۆ پلێنۆمی چواری ینک و لە پەیام و خیتابەکەی دا بۆ دەسپێکی وتووێژی ٢٨دیسامبری ١٩٨٨ نێوان د.قاسملوو وتێرۆریست– دیپلۆماتەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە ڤییەن کە تالەبانیی بە ناوی نوێنەری نیزام بە دوکتور قاسملووی ناساندبوو دانیان بەو واقعییەتەداناوە کە هاندەری رژیمی بەعس بو خولقاندنی ئەنفالەکان و کۆمەلکوژیی هەلەبجە و سەردەشت و زیندووبەچالکردنی هەشتهەزار بارزانیی،توناکەری بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلات و باشوری کوردستان بوون.

---

1 https://drive.google.com/file/d/0Bydht7UU19z2a0dCOEc3QTRCVFk/view?pli=1

دەورێـک کـە ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـدارانی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران لـەو کارەسـاتانەدا گێراویـە هاوسـەنگی کردەوەکـانی رژیمـی بـەعس بووە و بەرپرسایەتییەکەیان یەکسانە. ئەوەش پلانی هەردوو رژیم بۆ توناکردنی بزووتنەوەی کورد لە باشور و رۆژهەلات بووە.

رێکەوتنەکـەی تاڵـەبانیی و ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران، نـە قـانوونیی، رەمـەکیی، بـێ ئیعتیبـار بـێ ئیلـزام و ئیلتیـزام بـووە. نـە محمـد بـاقر ذوالقـدر، وەزیـری دەرەوەی ئێـران بـووە کـە سـەڵاحییەتی ئیمزاکردنـی ئەو"رێکـەوتن"ە نـەقانوونیی –خێڵەکیی‌یـەی هـە بـووبێ و نـە رژیمـی ئێـران مـافی قـانوونیی بـۆ ئیمزاکردنـی "پەیماننامـە" لەگـەل خێـل، عەشـیرەت و حیزبـی سیاسـیی هـەبووە . بروانـە پەیماننامـەی ١٩٦٩ ی ڤییـەن! کرتـە بـۆ [ئێـرە](#) بکـە و Ctrl دابگـرە. پەیماننامـەی ١٩٦٩ ڤییـەن رادەگەیـەنێ کـە دەولـەتان نـاتوانن لەگـەل خێڵ، عەشیرەت ، حیزب و گروپی سیاسیی بیانیی و نێوخۆیی... پەیماننامە ئیمزابکەن.

## هۆکاری کیمیابارانی شاری سەردەشت

دوای ئیمـزای" رێکـەوتن"ی تالـەبانیی ووەفـدەکی لەگـەڵ بـاقری ذوالقـدر، خیبـرە و پسـپۆرانی سـەرکردایەتیی یـەکێتیی نیشـتمانیی لـە سەردەشـت نیشـتەجێ کـران و ناوەنـدێکی خەبـەریی‌یان بـۆ کۆکردنـەوەی زانیـاریی لـە بەرەکـەکانی شـەری ئێـران و عێـراق بـۆ ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران لـە سـەر دەشـت وەرێخسـت. ئـەو کـارەش پلانێکـی شـەیتانیی هاشـمی رفسـنجانیی و محسـن رضـائی‌بـوو کـە تـەنزیمی تاڵـەبانیی بـەرێوەی بـرد. مەبەسـتی رفسـنجانیی و محسـن رضـائی بنـەبڕکردنی بزووتنـەوەی کـورد لـە رۆژهـەڵات و باشوری کوردستان بووە.[2] پارچەپارچە کردنی کوردبووە.[3]

رژیمـی جینایـەتکاری صـدام "بـە تۆڵـەی ئـەو کـارەی سـەرانی یـەکێتیی، خـەڵکی بیتـاوانی سەردەشـتی بـە گـازی ژاراویـی کۆمـەڵکوژ کـرد. نەوشـیروان مصـطفی ئـەمین لـە داکۆکیی‌نامەکـەی‌دا دوای خولقانـدنی کارەسـاتی هەڵەبجـە و خەبـەردانی ئـەو کارەسـاتە بـە تاڵـەبانیی و راگەیانـدنی کاردانەوەکـەی تالـەبانیی بـۆ ئـەو کۆمەڵکوژیی‌یـە کـە گوتبـووی :" ئـاخ بـۆ دوو سـێ هەڵەبجـەی دیکە، بـە یـەک دێـر کەسـایەتیی سیاسـیی تالـەبانیی پێناسـەکردووە کـە گوایـە گوتبـووی: " ئـاخ بـۆ دووسـێ هەلەبجـەی‌تر!؟ یـان لـە دێـری " ئەشـی کـوژێ و بۆشـی ئـەگری". ! ئاماژەیـە بـەوە کـە ئاگـاداری ئاگـاری ماکیاویلیسـتیی و جینایەتکارانـەی تالـەبانیی بـووە کـە کەسـێکی کوشـتووە وو بۆشـی گریـاوە. ئـەو تاوانانـەی کـە نەوشـیروان مصـطفی داویەتـە پـاڵ تالـەبانیی لەهەرشـوێنێکی دیکـەی ئـەم جیهانـە روی‌دابایـە هەردووولایەن لەلایەن دادئەستێنی گشتیی یەوە لێکۆلینەوەیان لێ‌دەکرا. کرتە بۆ [ئێرە](#) و [ئێرە](#) بکە و Ctrl داگرە!

کتێبەکـەی شـەوکەتی حـاجی موشـیر بـەناوی کارەسـاتی کیمیابـارانی هەلەبجـە بـە هـاری ١٩٨٨ راز و نهێنیـی هـەموو کارەسـاتەکانی هەلەبجـە دەوری خـۆی و کەسـانی بەرپرسـی تەنزیمەکـەی بـە تایبـەتیی تالـەبانیی، فـواد معصـوم، فەرەیـدون عەبـدولقادر ی ئاشـکرا کـردووە. سـەرکردایەتیی یـەکێتیی نیشـتمانیی لـەو کارەسـاتەدا کەرەسـەیەکی بـێ ئێـرادەی ژێرفـەرمانی ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران بـووە. رژیمـی جینایـەتکاری صـدام بـە تـەنیا خولقێنـەری کارەسـاتەکان نـەبووە. رژیمـی کۆمـاری ئیسـلامییش بەرپرسـایەتیی‌یەکی هاوسـەنگی رژیمـی صـدامی بـۆ خولقانـدنی کارەسـاتی هەڵەبجـە هـەبووە. بەرپرسـایەتیی سـەرکردایەتیی یـەکێتیی نیشـتمانیی و ئەوکەسانەی کە شەوکەتی حاجی موشیر لە کتێبەکەیداناوی بردوون خاڵێکی رەشی بزووتنەوەی کورد لە باشوری کوردستانە.

## ئەو رووداوانەی کە خولقێنەری کارەساتەکانی کوردستان بوون

هاوکـاریی بـێ سـنوری ینـک لەگـەل ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران، هێنـانی دوو ئەرتەشـی زەبـەلاحی ئێـران و عێـراق لـە جنـوبی عێراقـەوە بۆ سەرخاکی کوردستان ئاکامی ، خەیاڵپلاوی " پێکهێنانی " "هلال شیعی " + کوردستان بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانیی بووە.

---

2 _http://www.sharpress.net/all-detail.aspx?jimare=56154#link

3 -https://werash.wordpress.com/2010/01/06/2/

خیتاب وپەیامەکەی تالەبانیی لە رۆژی ٢٨ دێسامبری ١٩٨٨ بۆ یەکەم رۆژی وتویژی د.قاسملوو و دووتێرۆریست –دیپلۆماتی سەر بە رفسنجانی بە ناوی صحرارودی و اجوادی پلانەکەی رژیمی بۆ توناکردنی بزوتنەوەی کورد لە باشورو ورۆژهەلاتی کوردستانی ئاشکرا کرد بوو.

جەلال تاڵەبانیی بەدوای رێکەوتنەکەی لەگەل محمدباقر ذوالقدر, صحرارودی هێنابوو بۆ یاخسەمەر.

گوندی یاخسەمەر لە چەند کیلۆمیتریی ناوەندی دەفتەری سیاسیی د.قاسملوو لە گەورەدێ لە نێوان زنجیرەچیای ژیلوان و داوێنی گۆجارلە لێواری سنوری رۆژهەلات و باشوری کوردستان هەڵکەوتووە. صحرارودی دوای رێکەوتنی ١٩٨٦ ی لەگەڵ باقری ذوالقدر لەلایەن تالەبانییەوە بردرابوو بۆ یاخسەمەر. کاری سەرەکیی صحرارودی لە یاخسەمەر بە هاوکاریی لەگەل تەنزیمی یەکێتیی نیشتمانیی راهێڵکردنی تۆری جاسوسیی لە ناو حدکا و دارشتنی پلانی تێرۆری رێبەرانی بووە. ئەوانە زنجیرەرووداوێکن کە کارەساتەکانی کوردستانیان لێکەوتووەتەوە. بروانە خولانەوە لە ناوبازنەدا لاپەرەی ١٠٥–١٠٤ کرتە بۆ [ئێرە](#) بکە و Ctrl دابگرە!

جێگیربوونی صحرارودی لە یاخسەمەر و رایەلکردنی تۆڕی جاسوسییەکەی و تێوەگلانی مەلا عەبدوللا لەو جینایەتانەدا کە دژ بە حدکاکراون لە د.قاسملوو شاراوە بووە. چونکە مامۆستا هیمن گوتەنی: مەلا عەبدوللاخۆی لەو کاتەدا "فضول الدولەی کابینە" بووە. وەرگیراو لە نومایشنامەی دڤۆکیی مامۆستا هێمن. نووسەری ئەم لێکۆلینەوەیە نومایشنامە نە نووسراوەکانی مامۆستا هێمن لە گرتوخانەی سەر بە دەفتەری سیاسیی کە مامۆستا هیمن و ٢٧ ئەندامی سەربە گروپی ٧کەسیی و تودەیی بە راپۆرتی مەلا عەبدوللا تێدا دەستبەسەر کرابوون لە مامۆستا هیمن بیستووە.

ئەو کەسانەی لە وتویژی د.قاسملوو و تێرۆریست – دێپلۆماتەکەنی رفسنجانی دا بەشدار بوون لەو خشتەیەدا بە زمانی ئینگلیزیی نیشاندراوە. دواتر کراوە بە کوردیی. کرتە بۆ [ئێرە](#) بکە و Ctrl دابگرە! شرۆڤەو وەرگێڕدراوەکەی هەر لەم بەشەدا نووسراوە.

**بەشدارانی وتووێژی رێکخستووی تالەبانیی لە ٢٨ و ٣٠ و ٣١دیسامبری ١٩٨٨تا ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩**

١– جەلال تاڵەبانیی، سکرتێری گشتیی ی.ن.ک.

٢– نەوشیروان مصطفی ئەمین، کەسایەتیی ژمارە٢ی بەرێی یەکێتیی نیشتمانیی و سەرۆکی ئێستای بزووتنەوەی گۆڕان،

٣– خوسرەو خال، ئەندامی سەرکردایەتی ینک،

٤– شازاد سائیب، ئەندامی سەرکردایەتیی ینک، پێشتر شازاد سەعید نووسرابوو کە هەڵەبووە.

شوێنی وتویژ، لە رۆژی یەکەمدا لە ماڵی لایەنگرێکی تالەبانی بە ناوی خەبات مەعروف لە شاری ڤییەن بووە.

پاراستنی ئەو شوێنە لە ئەستۆی فازل رەسوڵ و براکەی بووە. فازل رەسوڵ و براکەی ئەوکاتە بادیگاردی تالەبانیی و صحرارودی بوون. د.قاسملوو پاسەوانێکی نەبووە. بەرنامەی وتووێژەکە، شوێن و کەسانێک کە تێیدا بەشدار بوون بە پلانی تاڵەبانیی رێک خرابوو. تەنانەت د.قاسملوو وعەبدوللا قادریی ئازەر لەشوێنی کۆبوونەوەکە و ژمارەی بەشداران و کەسانێک کە تالەبانیی لەگەڵ خۆی بۆکۆبوونەوەکەی بردبوون ئاگادار نەکرا بوون. ئەرکەکانی فازل رەسوڵ و پێشینەکەی دواتر بە پێی بەڵگەنامەکان باس دەکرێ.

**ئەو مێژووە چۆن چەواشە کراوە!**

**مەلا عەبدوللا حەسەنزادە و <u>"راپۆرتی خەبەریی جەلال تالەبانیی بۆ" وزارەت اطلاعات جمهوری اسلامی ایران"</u>**

**مەلا عەبدوللا حیاکیی( حەسەنزادە)، لەرۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٢٧ لاپەرەی ١٦ جۆزەردانی ١٣٦٦ دا باسی لە "راپۆرتێکی خەبەریی" جەلال تاڵەبانیی" کردووە کە بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ناردبوو.**

دەقی راپۆرتەکە ئەوەبووە کە گوایە: "د.قاسملوو نامەیەکی بۆ جەلال تالەبانیی نووسیبووێ وتێیدا باسی لە بێسەرەوبەرەیی حیزبەکەی کردبێ و خوازیاری ئەوە بووبێ کە تالەبانیی ئەماننامە بۆ سکرتێرو ئەندامانی حدکا لە کۆماری ئیسلامیی وەربگرێ ؟!"

**جەلال تالەبانیی لە شەشەمی بانەمەڕی ۱۳۶۶ ئەو راپۆرتەی بۆ "وەزارەت اطلاعات جمهوری اسلامی ایران ( واجا)" ناردبوو. وەزیری اطلاعات لەوکاتەدا حجت الاسلام علی فلاحیان بووە. بە قەولی مەلا عەبدوللا ئەو" راپۆرتە خەبەرییە" سەرەڕای نهێنیی و محرمانە بوونەکەی لە رۆژنامەی" کیهان "دا لە لایەن وەزارەتی ئیتتیلاعاتی کۆماری ئیسلامییەوە بڵاو کرابۆوە.** !

ڕاپۆرتە خەبەرییەکەی تاڵەببانیی ولێدانی کلیلی چرای سەوز بۆرکێش کردنی د.قاسملوو بۆ ناو تۆڕی تێرۆر

ئەو راپۆرتەی جەلال تاڵەبانیی بۆ وەزارەتی اطلاعات ی کۆماری ئیسلامیی ئێران کلیلی چرای سەوزی بۆ باقری ذوالقدر بەرپرسی " کومیتە امورویژە " واتە ئۆدەی کارەتایبەتییەکان"بۆ دانی بریاری تێرۆری دژبەرانی سیاسیی رژیم) لێدابوو !

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە دوای بلاوبوونەوەی ئەو راپۆرتە خەبەرییەی تالەبانیی لە رۆژنامەی کیهان ژمارە ١٣٠١١ لە رێکەوتی ٦ بانەمەڕی ١٣٦٦ تەعلیقێکی ( هەڵسەنگاندنێکی هەزەلیی و گاڵتەکەرانەی تژی لە تانەو تەوس لەژێر ناوی " رووت خەون بە دوو گەز جاوەوە دەبێنی" بۆ نووسەری راپۆرتەکەو کۆماری ئیسلامیی نووسیبوو. ئەو تەعلیقەی مەلا عەبدوللا لە بڵاوۆکی " کوردستان ژمارەی ١٢٧ لاپەڕەی ١٦ جۆزەردانی ١٣٦٦دا بڵاو کراوەتەوە. کرتە بۆ ئێرە و ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

"مەلا عەبدوللا حیاکیی دوای تێرۆری د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی و بەڕێوەبردنی پلانەکانی تالەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بۆ رادانی حدکا بۆ کوشتارگەی مەرگ و سەر شۆریی هەرمۆتە لە کۆیە، لە وەرچەرخانێکی ١٨٠دەرەجەیی دا بەرەو رژیمی ئاخوندیی بۆ وەرگرتنەوەی تەعلیقەکەی لەسەر راپۆرتە خەبەرییەکەی تالەبانیی و بە راست پێناسەکردنی ناوەرۆکەکەی، خویندکارێکی ناشارەزاو چوار مامۆستای زانکۆی بە فریوبردن و خۆی لێکردبوون بە پسپۆر و رێنوێنیدەر و ریسالەیەکی بە ناوی رۆلی د.قاسملوو لە بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان پێ تەزویرکردبوون. سەیر تر لەو کارەی کە کردبووی بێ ئیعتیبارکردن و ئابروبردنی چوارمامۆستای خاوەن رێزی زانستگەکە بووە کە بێ ئەوە دێڕێکیان لەو بەناو ریساڵەیە خوێندبێتەوە بە دەرەجەی هەرەباش قبوڵیان کردبوو. مەلا عەبدوللا لەتەزویرکەیدا کە بە زمانی ئەو چوارمامامۆستایانەوە کردبووی ە پەژراندبووی کە راپۆرتە خەبەرییەکەی تالەبانیی بۆ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و ئەماننامە خوازییەکەی د.قاسملوو راست بووە. ئەوە یەکەمین تەزویری مالاعەبدوللا دوای تێرۆری رێبەرانی حدکا بووە کە کردوویە. لێکۆلینەوەیەک لە ژێر سەرناوی " تێرۆری گیان و ئەندیشە " لە پێنج بەشدا سەبارەت بەو تەزویرنامەیەی مەلاعەبدوللاو فریودانی چوارمامۆستای زانستگە لەلایەن نووسەری ئەم لێکۆلینەوەیە بڵاو کرایەوە ... بۆ خوێندنەوەی لێکۆلینەوەی " تێرۆری گیان و ئەندیشە" بروانە دوو سایتی Helwistwو rojikurd.info

**پاراستنی تێرۆریست– دیپلۆماتەکانی رفسنجانی لە شوێنی وتوویژ لە رۆژی ۲۸ /۱۲ / ۱۹۸۸**

فازل رەسوڵ و براکەی بادیگاردی دوو تێرۆریست – دیپلۆماتی رفسنجانی لە شوێنی کۆبوونەوەی رۆژی یەکەمی وتوویژ بوون. ئەو دوو کەسە لە دوو دەمانچەی جەوازداری ژنەکەی فازل بە ناوی سوزانە کەڵکیان وەرگرتبوو. نەوع و ژمارەی چەکەکان لە ژێرەوە ببینە! کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl دابگرە! دەقەکە بە زمانی ئاڵمانییnووسراوە. بە پێویست نەزانرا دەقەکە بکرێ بە کوردیی.

1 ) Revolver S.&W . 38 Sp1. Nr. J 296072

2 ) Pistole Browning Mod . 83, 9 mm., Nr. 0441,

پێشتر لە لایەن تالەبانیی و لە وتوویژ لەگەل نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد و مەلا عەبدوللاوە ژمارەی پاسەوانەکان ٢٧ چەکدار بە ماشێنەوە راگەیەندرابوو ،بەلام ئەوە لە واقیع بەدور بووە.

### شوێنی وتوێژی د.قاسملوو و تێرۆریستەکانی سەربە رفسنجانی

وتوێژی پلانداریژراو بۆ د.قاسملوو و عەبدوللا قادرریی لە خولی یەکەمدا لە مالی لایەنگرێکی تالەبانیی ئاشنای صحراروی بە ناوی خەبات مەعروف بووە. گوایە خاوەن مالّ لە مالّ نەبووە و سەعدی محمد پیرە لە بەرپرسانی ی.ن.ک. کلیلی مالّەکەی خەبات مەعروفی لە لا بووە. واتە ئەو ریکخەری ئەو وتوێژە لەو رۆژەدا بووە.

لە رۆژەکانی ٣٠ و ٣١ دێسامبری ١٣٨٨ و ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩ کۆبوونەوەو وتوویژەکان لە مالّی فازل رەسولّ و براکانی بووە. تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی لەو گوتوبێژانەدا بەشدار بوون.

لەمەر بەشداربوونی شازاد سائیب و خەسرەوخال لە وتوویژەکاندا زانیارییەک لەلالەیەن براکانی فازل رەسولّەوە بلاو نەکراوەتەوە.

تێبینیی: دیپلۆماتەکانی هاوریی تالّەبانیی و نەوشیروان مصطفی ( صحرارودی و اجوادی) هەر دوو شەو لە هۆتێلێک مابوونەوە. جاری وابووە، دوای شەوێک هۆتێلەکەیان گۆڕی بوو. تەنیا لە شوێنێک بە ناوی ئاپارتمانەکانی Edelhof لە یەک ئۆدەدا ٨ کەس پێکەوە بوون. بۆ وێنە لە ئۆدەی ژمارە ١٨ دا کە صحرارودی خەرجەکەی دابوو هەشت کەسی تێدا بووە. نەزانراوە ئەو ٨ کەسە کێ بوون. ئەگەر صحرارودی، تالەبانیی ، نەوشیروان مصطفی و اجوادی چوار لەو ٨ کەسە بووبن چوار کەسەکەی دیکە کێ بوون؟ ئەوەش نەزانراوە. ئەو بابەتە لە لایەن نەوشیروان مصطفی و تالەبانیی و براکانی فازل رەسولّ، شازاد سائیب و خەسرەو کالّەوە باس نەکراوە. جەلال تالەبانیی لەبەرچ هۆیەک ناوی خۆی بە دەفتەری ئاپارتمانەکە رانەگەیاندبوو بێ ولّام ماوەتەوە. دەکری دوو کەس لەو چوارکەسە کەسە بیناوونیشانە لە ئاپارتمانی ئێدلهۆفدا دوو تێرۆیست بووبن کە بەشێوەیٔ میکونوس بۆ بەرێوەبردنی پلانی تێرۆرەکە لە شوێنێکی جیا لە جێگەی کۆبوونەوەکە بووبن. تائێستا لە لایەن بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە ئەو بابەتە باس نەکراوە.

تێبینیی دووهەم . تالّەبانیی رێگەی نەدابوو هیچ ئەندامێکی حدکا لەو وتوێژەو شاوێنەکەی و ناوی بەشداران و جێگەی کۆبوونەوەو ساتەکانی ئاگادار بێ. لەبەرامبەردا زۆربەی ئەندامان و لایەنگرانی تەنزیمی ی.ن.ک. لە وردەکارییەکانی ئەوپلانە ئاگادار بوون. تەنانەت بۆ تێوەگلاندنی تەنزیمێکی دیکەی کورد ئەندامێکی بەرپرسێکی ئەو تەنزیمە لەلایەن صحرارودییەوە بۆ هۆتێل هیلتۆن لە شاری ڤییەن بانگهێشتن کرابوو.

بەرێوەبردنی وتوویژەکەی د.قاسملووو تێرۆریستەکان لە رۆژەکانی ٣٠و٣١ی دیسامبری ١٩٨٨ و ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩ لە مالی فازل رەسول و براکانی بە پلانی تالّەبانیی و بە مەبەستی متمانەکردنی دواتری د.قاسملوو بە فازل رەسولّ بووە. تالّەبانی هەرگیز ئاشکرای نەکرد کە وتوێژەکەی خولی یەکەمی لەمالّی فازل رەسول بەرێوە بردبوو. ئەو پرسیارەش بێ وەلام ماوەتەوە کە هۆی راگرتنی وتوویژەکە بۆماوەی بیست رۆژ ( ٣١ تا ٢٠ ی ژانویە چی بووە و تالّەبانیی و نەوشیروان مصطفی، صحرارودی ، اجوادی و هاوریکانی دیکەیان لە کوێ ژیابوون. هیچکام لە هۆتێلەکانی شاری ڤییەن لەماوەیەدا بەو ناوانەی سەرەوە کە باس کران مێوانێکیان نەبوو.

دوای تێرۆری د.قاسملوو، تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی هەرگیز نەچووونەوە ئوتریش و حازرنەبوون زانیاریی‌خۆیان لەو روداوە بە پۆلیسی دادوەریی و دادوەرانی ئوتریش رابگەیەنن. تەنانەت نەوشیروان تا ئێستا باسی بەشداریی کردنی خۆی لەو وتوویژانەدا نەکردووە. هەرچەند لە گرتە ویدئۆیەکی چەند چرکەییدا کە سایتی پێشمەرگەکان بلّاوی کردووەتەوە وتەیەکی نەوشیروان بە دەنگەوە بلّاو کراوەتەوە کە" د.قاسملووی بە "بەعسیی "پێناسە کردووە. البینة علی المدعی". مخابن ئەو گرتەیە کاتێک بلّاو کراوەتەوە کە د.قاسملوو نەماوە. مامۆستا گادانی بۆ ئەو بابەتانە پەندێکی پێشینیان یان قسەیەکی نەستەقی لەسەر کتێبێکی داناوە کە بۆ ئەو بابەتە گونجاوە. کە دەلّێ: بانەبێتە درۆی پاش مردوو. لە هاوخەباتیەوە بۆ" تەخوین " ەکەیدا کەتنێکیشی بۆ تالّەبانیی نووسیبوو: ''ئەشی کوژێ و بۆشی ئەگری''. ئەو چەند بابەتە کە لە پەنا یەکتر دابندرێن زۆر روداوی ئەو سەردەمە دەبێ وەلام بدرێتەوە: تێکەلاویی ی.ن.ک. و نەوشیروان مصطفی لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بە هاوکاریی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بە دژی د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی و تێرۆری سەدان پێشمەرگە جیا لە کارەساتەکانی ئەنفال و کوشتاری هەلەبجە و سەردەشت تاکوێ بووە.

تالـەبانیی لـە لێکۆڵینـەوەی نووسـەری کتێبـی خولیـا مـەرگی رەحمـانی کـورددا زۆر زانیـاریی بـاس کـردووە کـە تـەنیا لـە پەروەنـدەی تێرۆرەکـەدا هـەبـووە کـە نـاوبراو نـەدەبوو لێیـان ئاگـادار بـێ. تالـەبانیی و ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران دەبـێ لـە دوو کانـاڵی جیـاوازەوە لە رێگەی مەلا عەبدوللاو دوو سیخوری ناوخۆ لە دەفتەری پاریس دەستیان بە پەروەندەی تێرۆرەکە راگەیشتبێ.

## د.قاسملوو پلانەکەی تالەبانیی و ناسینی فازل رەسوڵ

ئۆسواڵد کێسلێر سەرۆکی دژە تێرۆری شاری ڤییەن لە هاوژینەکەی د.قاسملووی سەبارەت بە ناسینی فازل رەسوڵ لە لایەن د.قاسملووەوە یـان تەلەفۆن کردنی ناوبراو بۆ د.قاسملوو پرسیاری کردبوو. هاوژینی د.قاسـملوو وەلامـی دابـۆوە کـە پـێش هـاتنی بـۆ ڤییـەن هـەرگیز ئـەو نـاوەی نە بیستبوو.

تالەبانیی، نەوشیروان مصطفی ئەمین، صحراارودی و اجوادی لـە ٢٤ دیسـامبر ١٩٨٨ تـا رۆژی ٢٤ ی ژانویـەی ١٩٨٩ لـە ( ڤییـەن) مابوونـەوە. بەلام لیستی میوانەکانی هۆتێلەکان کە دراون بە پۆلیس، نیشان نادەن کە تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی چووبنـە هـێچ هۆتێلێک. بـەرپرسی ئاپارتمانـەکانی ئێدلهۆف رایگەیانـدبوو کـە ئـەو چەنـد کەسـە چەنـد رۆژێـک لـە ئێدلهۆف مابوونـەوە. ژمـارەی ئـەو کەسـانە کـە صـحرارودی خەرجەکەی بۆ دابوون ٨ کەس بوون کە لە یەک ئۆدەدا بوون بەلام جیا لە نەوشیروان مصطفی و صـحرارودی شەشکەسـەکەی دیکـە نـاوی خۆیـان ئاشکرا نەکردبوو. گومانی ئەوە دەکرێ کە بەشێک لەو ماوەیەی کە تالەبانیی و هاورێکانی لـە ڤییـەن بـوون لـەو ماڵـەی کـە دواتـر جینایـەتی تێرۆرەکـانی تێدا کرا جێگیـر بـوو بـن. چونکـە کلیلـی ئـەو ئاپارتمانـە لـە لای فـازل بـووە. کرێگرتـەی ئـەو ئاپارتمانـەش رێناتـە واتـە ژنـە سیغەییەکەی فازل بووە. ناوبراو لە قاهرە بـووە و لـە لێکۆلینـەوەشدا رایگەیانـدبوو کـە فـازل بـۆ مێوانـەکانی خـۆی لـەو ئاپارتمانـە کـەڵکی وەرگرتبوو. رێناتە کە لە ڤییەن بووە لە شوێنێکی دیکەی جیا لەو ئاپارتمانە ژیابوو.

واقعییەت ئەوەیە کە تالەبانیی و هاورێکانی لە (٢٨دیسامبری ١٩٨٨ ەوە تا ٢٤ ژانویە ١٩٨٩ لە هۆتێلـەکانی ڤییـەن ناویـان نەنووسرابوو. تـەنیا کەسێک لەو ٨ نەفەرە بیجگە لە صحرارودی ناوی نووسرابێ ناوی نەوشـیروان مصـطفی ئـەمین بـۆ چەنـد رۆژێـک بـووە. کرتـە بـۆ ئێرە بکـە و Ctrlدابگرە!

نەوشیروان مصطفی ئەمین رۆژی ١/١٨/ ١٩٨٩ بە ناوی ژورنـالیست ( رۆژنامەنووس ) ناوی لە دەفتەری ئاپارتمانەکانی ئێدلهۆڤ دا نووسرابوو،

بەلام نازانرێ کە ناو براوو تالـەبانیی بـەر لـە رۆژی ٢٨ دیسـامبری ١٩٨٨تـا ١٩٨٩/١/٢٤ لـە ڤییـەن لـەکوێ مابوونـەوە. ئەوەندەخوویایـە کـە تالـەبانیی لەچوونیدا بۆڤییەن و لە مانەوەیدا لە ئوتریش بە پاسپۆرتی واقیعیی‌خۆیەوە و لـە هۆتێلـەکانی شـار و لـە لای پۆلیسـی ئـەو ولاتـە خۆی ئاشکرا نەکردبوو. وتەکانی تالـەبانیی بـۆ چوونـە لای لۆشـناک ، وەزیـری نـاوخۆی ئـەوکاتی ئـوتریش ئـوتریش و وەرگرتنـی ماشـین و پاسەوان بە ٢٧ چەکەوە کە مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادە لە وتوێژەکانی‌دا ئیددیعای کردبوو لە جێدا نەبوون.

بۆ زانیاریی لەسەر ئەوبابەتە، کرۆنۆلۆژی ( رەوتی تێپەربوونی زەمانی مانەوە لە شوێنی مانەوەی بەشدارانی کۆبوونەوە کان بەم جۆرە بووە.

<table>
<tr>
<td>
Aufgrund umfangreicher Erhebungen konnte ein chronologischer Unterkunftsablauf von involvierten Personen seit dem 24.12.1988 ermittelt werden.<br><br>
Örtlichkeit: Hotel REGINA, Wien 9., Roosevelplatz 15<br>
Zeitraum: vom 24.12.1988 bis 26.12.1988<br>
Personen: Mohammed DJAFARI SAHRAROODI<br>
1956 geb.<br>
(Nat. im Akt)<br><br>
Mustafa AJVADI alias HAJI<br>
1957 geb.<br>
(Nat. im Akt)<br>
Gästebuch: Blattnr.: 13255 - ltd. auf<br>
AJVADI Mosstafa<br>
1958 geb.<br>
iranischer StAng.<br>
whft. in<br>
Teheran, Forringn Meusty<br>
Beilage 1a
</td>
<td>
بۆ پاشەکەوتی کات، لەوەرگێرانی سەرجەمی نووسراوەکە چاوپۆشیی کرا.<br>
١– محمد جعفری صحرارودی لە ١٩٨٨/١٢/٢٤ ەوە تا ١٢/٢٦/ ١٩٨٨ لە هۆتێل Reginaبووە. ئۆدەی ٢٢٧<br>
٢– مصطفی اجوادی الیاس حاجی لەدایکبووی ١٩٥٧ئۆدەی ٢٢٨ خەرجەکەیان بە خەرجی تەلەفۆنەوە ٣٧٦٠ شیلینگ بووە کە صحرارودی بە ویزاکارت دابووی.<br>
هۆتێل دوفرانس ٢٦ دیسامبری ١٩٨٨ تا١٩٨٨/١٢/٣٠ لە ئودەکانی ژمارە ١٣١ و ١٣٢ خەرجەکەیان بە تەلەفونەوە کە بۆ خەبات مەعروف و ابراهیم احمد پیرۆت ژمارەی ڤییەن و قوم و تاران کردبوویان ١٤٤٤٠ شیلینگ بووە کە صحرارودی بە ویزاکارتی خۆی دابووی.<br>
هۆتێل هیلتۆن ١٢/٣٠ ١٩٨٨ تا ١/٢/ ١٩٨٩ و ١٩٨٨/١٢/٣١ تا ١٢/٣١/ ١٩٨٨خەرجەکەیان ٥٩١٧ شیلینگ فازل رەسوڵ بە ویزاکارتی خۆی بۆ صحرارودی و اجوادی دابوو.<br>
تەلەفۆنێکیش لەلایەن یەکێ لەو دووکەسە بۆ ژمارەیەکی نهێنیی لە تاران کرابوو.
</td>
</tr>
</table>

**ئاپارتمانەکانی ئێدێلهۆف لە ٣١ /٨٨/١٢ تا ١٩٨٩/١/٤**

**مانەوەی صحرارودی لە ١٩٨٩/١/١٤ تا ١/١٤/ ١٩٨٩ و ١/١٤/ تا ١/١٦/ ١٩٨٩**

**ئۆدەی ژمارە ١٨ ئەو ئۆدەیە بۆ ٨ کەس وەبەرچاوگیرابوو کە سێ کەس لەو٨ کەسە ناوی خۆیان بە بەرپرسی دەفتەری هۆتێلەکە رانەگەیاندبوو. وێدەچێ تالەبانیی و شازاد سائیب و خەسرەو کاڵ سێ لەو پێنج کەسەبووبن، بەلام دوو کەسەکەی دیکە کێ بوون نەزانراوە.**

**ژمارە تەلەفۆنەکان و نووسراوەکان دەست و برد لە ناو برابوون.خەرجی هۆتێلەکە لەهەردوو جاردا صحرارودی دابووی.**

**لە ١٩٨٩/١/١٦ تا ١/١٨/ ١٩٨٩ و تا ١٩٨٩/١/٢٨ ناوی محمد جعفری صحرارودی و نەوشیروان مصطفی ئەمین،نووسرابوو.**

**نەوشیروان مصطفی ئەمین و سێ کەسی نەناسراو.**

**محمد جعفری صحرارودی لە رۆژی ١/١٨/ ١٩٨٩ تا ١/٢٨/ ١٩٨٩**

**نەوشیروان مصطفی ئەمین رۆژنامەنووس لە ١٩٨٩/١/١٨ تا؟**

**لە ١٩٨٩/١/٢٢ محمد جعفری صحرارودی و نەوشیروان مصطفی ئەمین سەرجەم هەشت کەس ئاپارتمانی ژمارە ١٩ یان بە کرێ گرتبوو. خەرجی هەموان لە لایەن محمد جعفری صحرارودی یەوە بە هۆتێلەکە درابوو.**

**هۆتێل De Franceلە ١٩٨٩/٧/١٠ تا ٧/١١/ ١٩٨٩ تەنیا ناوی محمد جعفری صحرارودی لە دەفتەری ئەو و هۆتێلەدا نووسرابوو.**

## کورتەیەک بۆ ناساندنی هەیئەتی ئێرانییەکان لەو دوو کەسەی خوارەوە پێکهاتبوو

**١– محمد جعفری صحرارودی، ئەلیاس ،ئەو نوێنەرەی رفسنجانی دوای" رێکەوتن" ی تالەبانیی و ذوالقدر لە ١٩٨٦ لەلایەن تالەبانییەوە هێنرابوو بۆ یاخسەمەر و لەوێ دەفتەری سەرەکیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانی لە شوێنی ژیانی تالەبانیی ، لە چەند کیلۆمیتریی دەفتەری سیاسیی حدکا واتە دەفتەری کاری د.قاسملوو، لە گەورەدێ دامەزراندبوو. بروانە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا لاپەڕەی ١٠٤و ١٠٥،**

صـحراروودی لــه کوردســتان لــه لایــەن تالەبانییــەوە بــه بــرادەر رحیمــی نــاودێرکرابوو. کرتــه بــۆ ئێــره بکــه و Ctrlداگــره. صـحراروودی سەرپەرشـتی هەیئەتـه کـه لـه ڤییـەن بـووە. نـاوبراو بـەر لـه نـاردنی بـۆ یاخسـەمەر، لە کرماشـان فەرمانـدەر و جێنشـینی یەکـەی ١٥ سـپای پاسداران، بەرپرس و پسپۆر لەسەر مەسەلەی کورد و نوێنەری تایبەتیی رفسنجانی بووە. کرته بۆ ئێره بکه و Ctrl دابگره!

٢– حـاجی مصـطفوی، لاجـوردی یـان اجـوادی ( رەنگـه ئـەو ناوانـه هیچکـام راسـتەقینە نـەبن ) . ئـەو تێرۆریسـتە دوای جینایەتەکـه رای کردبـوو و توانیبـووی لـه دەسـتی پـۆلیس رزگـاری بـێ. راکردنەکـەی ئـەو تێرۆریسـتە خـۆی بەڵگـەی سـەرنجراکێش بـۆ تاوانبـاریی ئـەو تێرۆریسـتە و رژیمەکـەی و لایـەنگرانی بـووە. ئـەو تێرۆریسـتە بەرپرسـێکی دەزگـای جاسوسـیی سـپای پاسـداران لـه تـاران بـووە. لــه کـاتی تێـرۆری د.قاسـملوودا بەرپرسـی دەزگـای جاسوسـیی ئازەربایجـانی رۆژاوا بـووە. فـازل رەسـوڵ و براکـانی لـه ورمـێ چـوو بوونـه لای ئەو تێرۆریسته و لە نزیکەوە ناسیبوویان.

فـازل رەسوڵ بـه وتـەی تالـەبانیی لـه ماڵەکـەی خـۆیدا ئۆدەیـەکی بـۆ ئـەو دوو تێرۆریسـتە تـەرخان کردبـوو کـه لـەوێ بمێننـەوە. بروانـه وتوێژی کارۆل پرۆن هۆبێر لەگەل تالەبانیی لە کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورددا!

٣– امیـر منصـور بزرگیـان ، بـه شـێوەی رەسـمیی بادیگـارد واتـه لەشـپارێزی صـحراروودی بـووە. ئـەو تێرۆریسـتە لـه خـولی دوو هـەمی وتوێژدا ناردرابوو بۆ ڤییەن. لە خولی یەکەمدا بەشدار نەببوو.

٤– محمـد مغـابی هـاورێی بزرگیـان و دانیشـتووی ڤییـەن . پۆلیسـی ڤییـەن بـێ لێکۆلینـەوە رێگـەیدابوو بـەرەو ئێـران بگەرێتـەوە. ئـەو کابرایەش لە وتووێژەکەدا بەشدار نەببوو.

٥ – انصاری کارگێرێکی دەزگای ئەمنییەتیی بالوێزخانەی ئێران لە ڤییەن بووە.

تالــەبانیی ئەوکەســانەی ســەرەوەی (صــحراروودی و اجــوادی )بــه نــاوی نوێنــەری ســەرۆک کۆمــاری ئێــران و نوێنــەری نیــزام بــه د.قاسملوو ناساندبوو. لە واقیع دا ئەوانە دوو ئەندامی دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بوون.

پێشـتر بـاس کـرا کـه صـحراروودی لـه تشـرینی یەکـەمی سـاڵی ١٩٨٦ ەوە لەلایـەن تالەبانییـەوە هێنرابـوو بـۆ یاخسـەمەر. ( چەنـد کیلـۆمیتریی دەفتـەری سیاسـیی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران لـه گـەورەدێ لـه داوێنـی چیـای گۆجـاڕ جێگیـر کرابـوو. نـاوبراو ، لەوشوێنە ناوەندی سەرەکیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانی دامەزراندبوو.

٦– احمـد بنبـلا ، سـەرۆک کۆمـاری پێشـتری ئەلجـەزایر، ئـەو کابرایـه لـه لایـەن جـەلال تالەبانییـەوە بـه د.قاسـملوو ناسـێندرابوو. بـۆ بەشـداری لـه پلانـی تێـرۆری د.قاسـملوو، ئاپارتمـانێکی بـه قیمـەتی ملیۆنێـک و چوارسـەت و پـەنجا هـەزار شـیلینگ لـه شـاری ڤییـەن لەلایـەن بالۆێزخانـەی ئێرانـەوە بـۆ کردرابـوو. دەلاڵـی کرینـی ئـەو ئاپارتمانـه فـازل رەسـوڵ بەرپرسـی تـەنزیمی ی.ن.ک، ئەنـدامی کـارگێرِی بەشـی ئەمنییـەتیی بالۆێزخانـەی ئێـران لـه ڤیـەن و نوێنـەری تالـەبانیی لـه وتـووێژی نێـوان د.قاسـملوو و صـحراروودی لـه ڤییـەن بـووە. نـاوبراو دواتربـەوردیی دەناسـێندرێ. بروانـه وتـووێژی صـحراروودی دوای تێـرۆری د.قاسـملوو لـه ڤییـەن! کرتـه بـۆ ئێـره بکـه و Ctrl دابگـره ! کرتـه بـۆ ئێـره بکـه و Ctrl دابگره! بـۆ بینینـی راپـۆرتی پـۆلیس بـۆ کرینـی ئاپارتمانەکـه کرتـه بـۆ ئێـره بکـه و Ctrl دابگـره.ئـەو راپۆرتـەی پـۆلیس لەسـەر کرینـی ئاپارتمانەکـه بـۆ بنبـێلا پێشـتر لەلایـەن نووسـەری لێکۆلینەوەکـه کـراوە بـه کـوردیی و بـلاو کراوەتەوە.

**نوێنەرانی حدکا لە وتووێژەکە دا**

١– د.عەبدوررەحمان قاسملوو سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

٢– عەبدوللا قادریی ئازەر نوێنەری حدکا لە پاریس. کرته بۆ ئێره بکه و Ctrl دابگره!

بروانە نموداری گشتیی زانیاریی و ناوی بەشدارانی وتوێژ و روداوی تێرۆرەکە بە ئینگلیزیی کرتە بۆ ئێرە بکه و Ctrl دابگرە!

جـەلال تالـەبانیی، سکرتێری یـەکێتیی نیشـتمانیی، دواتـر کـرا بـە سـەرۆک کۆمـاری عێـراق. بـۆ ناسـینی کەسـایەتی نـاوبراو بروانـە عارف کەریم [4]. لە لینکی ژمارە ١دا!

### تاڵەبانیی و پێکهێنانی پلانی وتووێژ بۆ د.عەبدوررەحمان قاسملوو

پلانـی پێکهێنـانی وتـووێژ لـە نێـوان د.قاسـملوو و ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران دوای رێکـەوتنی تشـرینی یەکـەمی ١٩٨٦ تالـەبانیی و ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـدارانی ئێـران بـە بەشـداریی بـاقری ذوالقـدر، ئیبتیکـاری جـەلال تالـەبانیی بـووە. د.قاسـملوو لـەو پـلان و ئیبتیکـارو راپۆرتـە خەبەرییەکـەی ٦ ی بانەمـەڕی١٣٦٦ ی جـەلال تالـەبانیی و رێکـەوتنی تالـەبانیی و وەفدەکـەی لـە ١٩٨٦ لـە تـاران لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران ئاگادار نەببوو.

وتـوێژی د.قاسـملوو لەگـەل دوو تێرۆریسـتی سـەر بـە ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران ( محمـد جعفـری صـحرارودی و اجـوادی بـە پێـی "راپۆرتێکی خەبەریی و محرمانە" کە جەلال تاڵەبانیی بۆ وەزارەتی " اطلاعات"ی کۆماری ئیسلامیی نووسیبوو رێکخرابوو.

رێکـەوتی نووسـین و نـاردنی ئـەو "راپۆرتـە خەبەرییـە" شەشـەمی مـانگی بانەمـەڕی سـاڵی ١٣٦٦ لـە لایـەن جـەلال تالەبانییـەوە بـۆ " وەزارت اطلاعـات جمهـوری اسـلامی ایـران( واجـا) بـووە. سـەرنجراکێش ئەویـە کـە ئـەو راپۆرتـە " محرمانـە" بـووە، بـەڵام سـەرانی دەزگـای جاسوسـیی رژیـم بـۆ سـوکایەتیی کـردن بـە سکرتێری یـەکێتیی نیشـتمانیی بـە پێچەوانـەی پرەنسـیپی ئیـداریی – ئەمنییـەتیی – ئەخلاقیی لە رۆژنامەی "کیهان"ی ژمارەی ١٣٠١١ شەشی بانەمەری ١٣٦٦ ئەو راپۆرتەیان بڵاو کردبۆوە.

مـەلا عەبـدوللا حەسـەنزادە کـە دەیزانـی نووسـینی نامەیـەکی ئـاوا نـزم و هەڵبەسـتراو لـە دوکتـور قاسـملوو ناوەشـێتەوە، تـەعلیقێکی تـژی لـە گاڵتـەی بـۆ تاڵـەبانیی و اطلاعـاتی رژیـم لـە بڵاوۆکـی کوردسـتان، ئۆرگـانی حـدکادا لـە ژێـر سـەرناوی: " رووت خـەون بـە دوو گەز جاوەوە دەبینێ" "نووسیبوو.

لـە رەفتـاری سیاسـیی بەشـێک لـە رێبـەرانی بزووتنـەوەی کـوردا ماکیاویلیسـم بەوپێناسـەیەی کـە د.قاسـملوو لـە کورتـە مێـژووی رێبەرایـەتیی حـدکادا نووسـیبووی حاکمـە[5]، ئـەخلاقی سیاسـیی و و پرەنسـیپە ئینسـانییەکان کـەمڕەنگن. بروانـە مێژوویـەکی کـورتی رێبەرایەتیی حدکا بە پێناسەی د.قاسملوو [6] !

بـۆ خوێندنـەوەی پێناسـەیەکی کـورت لـە ماکیاویلیسـم سـەرێک لـە ویکـی پێـدیا هەڵێنـە! ئـەو فەرهەنگـەش دیـاریی مائۆئیسـتەکانی جەماعـەتی مهـدی خانبابـا تهرانـی بۆکوردبـووە کـە دوای گەڕانـەوەی مهـدی خانبابـا لـە چـین چەنـد شـاگردی نـاوبراو چەنـدمانگێک لـە باشـووری کوردسـتان رێبـەرانی دواتـری لقـەجۆراوجۆرەکانی کۆمەڵـەیان بـە کۆمـەڵگای کـورد بـەو ئەخلاقـە تونـدو تیـژە پۆلپۆتییـە راهێنا.بروانە ئەو لینکە [7] لە پەڕاوێزدا!

رکـێش کردنـی د.قاسـملوو بـۆ نـاو شـانۆگەریی "وتـووێژ " و سـەرنجـدان بـە خیتـاب وپـەیامی سیاسـیی تالـەبانیی بـۆ دەسـپێکی وتـووێژە کـە لـە رۆژی ٢٨/دێسـامبری ١٩٨٨ لـە شـاری ڤییـەن بـەو ناوەرۆکـە دورر لـە واقعییەتـەوە بـۆ وەزارەتـی ئیتتیلاعـاتی رژیـم، کلیلـی چـرای سـەوزی بـۆ تێـرۆری د.قاسـملوو و ئەسـپاردنی دەورێـک لەلایـەن "کومیتـەی کارەتایبەتییـەکان"، بەسەرپەرشـتیی محمـد بـاقری ذوالقـدر کە ابوالقاسم مصباحی شاهیدی Cس لە پەروەندەی تێرۆری میکونوسدا ئاشکرای کردبوو لێکەوتەوە.

مـەلا عەبـدوللا حەسـەنزادە سـێ مانـگ و دەرۆژ دوای دوای د.شـە رەفکەنـدیی، حـدکاو ئەندامـە کـانی بـە زانیـاریی ینـک و ئیتتیلاعـاتی سپای پاسداران بە جیرەیەکی مانگانە فرۆشت و خۆی بوو بە بەشێک لەو دوو ئۆرگانە.

4 -http://www.emrro.com/malperiarif.htm

5 http://www.peshmergekan.eu/index1.php?subaction=showfull&id=1168889900&archive=&start_from=&ucat=3&

6 - http://www.peshmergekan.eu/index1.php?subaction=showfull&id=1168889900&archive=&start_from=&ucat=3&

7 http://peshmergekan.com/kurdish/index.php?option=com_content&view=article&id=3320:2013-09-03-20-11-09&catid=25:tiror&Itemid=50

گوللەبارانكردنی چوار ئەندامی حدكا لەدەروازەی كۆیە و ئاشكرابوونی دەوری مەلا عەبدوللا و هاوكارە جاسوسەكەی بە ناوی ئازاد كوری عەلی بالە و نامەی تەساهولی تاڵەبانیی بۆ مەلا عەبدوللا بۆ دەمداخستن لە جینایەتێک کە ئەبوحیکمەت ( صحرارودی ) ویستبووی و تالەبانیی بە گاڵتەوە خێرپێكردنی ناو نابوو بۆسەرەتای لێكۆلینەوە لە ٣٠٤ تێرۆركراوی حدكا بە پێیئامارى رەسمیی مصطفی هجری و رەوانشاد چەكۆ رەحیمی سەلمێندراوە و ئەوەی ئاشكرا نەكراوە لە دادێیەكی نەدووردا گەلی كورد دەیبەنە بەر دەستی دادوەرانی نیشتمانەكەیان. کرتە بۆ [ئێرە](#) و [ئێرە](#) بکە و Ctrl دابگرە ! ئەو قەول و قەرارەی تالەبانییش لەو لینكەی پەراوێزدا بە زمانی فارسیی بخوێنەوە![8]

گوترا كە مەلا عەبدوللا سێ مانگ و دەرۆژ دوای تێرۆری دوكتور شەرەفكەندیی، بە دزی كومیتەی ناوەندیی و مصطفی هجریی (سکرتێری حدکا ) بە پێی نەخشەی رێگای تالەبانیی و گوشاری صحرارودی، حدكای لە قەندیلەوە بۆ كۆیە راداو كردی بە پەنابەری جیرەوەرگر و خۆی بوو بە هاوكاری صحرارودی و بە شێوەیەكی سیستماتێك دەستیان كرد بە كوشتاری ئەندامانی حدكا. هەركەسێكیش تێرۆركراوە تێرۆرەكەی بە كاری كۆماری ئیسلامیی لەقاوداوە. بۆ سەدان تێرۆركراوی حدكا لە باشوری كوردستان لە هیچ دامودەزگایەكی باشوری كوردستان و جیهانیئازاد دا نە سكاڵایەک كراوە و نە سازمانە غەیرە دەوڵەتیی و مافپارێزە ناو نەتەوەییەكان لێی ئاگادار بوون.

بۆ تێرۆریستەكان كوشتنی ئەندامانی حدكا لە شارو شارۆچكەكانی باشوری كوردستان ئاسانتر لە ئاوخواردنەوە بووە. بروانە لینكی ژمارە ٣ و ٤لەسەرەوە هەروەها ئەو فێڵ و فەرتەنەیەش كە لە ئەندامانی حدكا كراوە.

### دەوری فازل رەسوڵ مەلا مەحمود

١٣– فازل رەسوڵ مەلا مەحمود، لە رۆژی یەكەمی وتووێژی د.قاسملوو ونوێنەری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بە ناوی صحرارودی لەگەل براكەی لە ماڵی خەبات مەعروف، لایەنگرێكی تالەبانیی بە دوو دەمانچەی جەوازداری ژنە رەسمییەكەیەوە ( سوزانە )بادیگاردی صحرارودی و تالەبانیی بووە. فازل رەسول لە ١٩٨١ وە لە گەڵ باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن لە پێوەندیدا بووە. ناوبراو لەگەل بەنیصدر و دەزگای ئیتتیلاعات لە تاران لەپێوەندییدابووە\. بە وتەی صحرارودی ناسراوی خامنەیی و رفسنجانی بووە. ناوبراو هەروەها بەرپرسێكی تەنزیمی یەكێتیی نیشتمانیی و نوێنەری تاڵەبانیی لە خولی دووهەمی بە ناو وتوێژی نێوان د.قاسملوو و دیپلۆمات تێرۆریستەكانی رفسنجانی بووە.[9] کرتە بۆ [ئێرە](#) بکە و Ctrlدابگرە.

عینوانی دوكتورای تەزویریی ناوبراو بۆ باوەرانندنی قوربانییەكانی تێرۆر بووە. مەلا عەبدوللا لە نووسراوەكانیدا كردبووی بە مامۆستای زانستگەی ڤییەن....لە حالێكدا بە وتەی شارلۆتە (هاوسەرە ئاڵمانیی زمانەكەی ئازاد لە ڤییەن ) ناوبراو ئالمانییەكەی ناتەواو وشەلەپەتەی لە چەشنی زانینی ئەو كرێكارە بیانییانەی بە پیریی چوونەتە ئوروپا و لەوێ ماونەتەوە و هیچ فێر نابن زانیبوو. زانیاریی زیاتر لەسەرناوبراو بە پێی بەڵگەنامەكان دواتر بڵاو دەكرێنەوە.

#### بنیێلا سەرۆک کۆماری بەرێی ئەلجەزایر

ئەحمەد بنبێلا سەرۆک كۆماری بەرێی ئەلجەزایر ،تەواوە لە ویلایەتی فەقیەدا بووە . وەكو فازل رەسوڵ ببوو بە شیعە.[10] کرتە بۆ [ئێرە](#) بکە و Ctrl دابگرە!دەوری ئەو كابرا فێڵبازە، متمانەدان بە د.قاسملوو بووە كە ئەویش لە وتوێژەكەدا بەشداریی دەكا. بەلام لە ئاخردەوردا بەشداریی نەكردبوو. بنبێلا لەدەوری یەكەمدا ئاپارتمانێكی بۆ كرابوو. لە دەوری دووهەمدا دەیزانی كاری ئەو تەواوە و مزەی خەیانەتەكەشی وەرگرتبوو. دوای بانگ كردنی لەیان بەرپرسی دژەتێرۆر ( د.كێسلێر) بۆ لێكۆلینەوە لە ئوتریش رای كردبوو و هەرگیز نەگەرابۆوە بۆ ڤییەن. بەڵگەكانی پێشتر بڵاو كراونەوە.

---

8 http://www.farsnews.com/printable.php?nn=13911212000735

9 https://drive.google.com/file/d/0Bydht7UU19z2YjlDRTRXcmNPbGc/view?usp=sharing

10 https://drive.google.com/file/d/0Bydht7UU19z2M2VDNlBzb1pEYU0/view?usp=sharing

کارگێرانی یەکێتیی ئاگاداری کردەوەکانی فازل رەسوڵ و بنبێلا بوون. بە تایبەتیی تاڵەبانیی و کەماڵ فوئاد و فوئادمعصوم لە رەوتی بە ناو وتوێژەکان و پێوەندییەکانی ناوبراو بە باڵوێزخانەی ئێرانەوە بە وردیی ئاگادار بوون.

١٤- فەوزی ١٥-کاوە ١٦ فاروق (براکانی رەسوڵ).

١٧- سوزانە رەسوڵ ژنی رەسمیی رەسوڵ

١٨ – رێناتە ژنی سیغەیی رەسوڵ

**دەقی راپۆرتە خەبەرییەکەی تاڵەبانیی بۆ" وەزارەت اطلاعات جمهوری اسلامی ایران لە "کوردستان" ئۆرگانی حدکا دا**

ئەو راپۆرتە خەبەرییە جەلال تاڵەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی جمهوری اسلامی ایران (واجا) " لێدانی کلیلی چرای سەوز بۆ تێرۆری د.قاسملوو بووە.

لێکدانەوەی دەزگای ئیتتیلاعاتی رژیم لەمەر ناردنی ئەو راپۆرتە" محرمانە"یە و ئاشکراکردنی بە چ مەبەستێک بووە سەرنجراکێشە! فاعتبروا یا الولاالباب "!

تاڵەبانیی و تەنزیمەکەی بە وردیی لە پلانەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە "یاخسەمەر( دەفتەری سەرەکیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بۆ تێرۆری رێبەرەکانی حدکا و کۆتایی هێنان بە بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بە هاوکاریی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە ئاگادار بوون.


کیهان
محرمانە
درهم‌ریختگی در حزب منحله دموکرات
به گزارش رسیده از منابع موثق قاسملو طی نامه‌ای به جلال طالبانی به درهم‌ریختگی و ضعف حزب منحله دموکرات اعتراف کرده است و از وی خواسته تا میانجی‌گری
برای قاسملو و اعضای حزبش از جمهوری اسلامی
دریافت نماید او گفته است ما هرلحظه که جمهوری اسلامی اراده کند آماده هستیم تا سلاح خود را زمین گذاشته و تسلیم شویم.
دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەلامی
فروفیشاڵ و درۆ و دەلەسانە لە مەیدانی
رزگاریخوازیی نەتەوایەتی دا بە کۆنەپەرست
دەدەنەوە.
جیهادی سازندگی !!
لاپەرەی
رووت خەون بەدووگەزجاوەوە دەبینێ
رۆژنامەی "کیهان" کە لە تاران چاپ دەکرێ، لە ژمارەی ١٣٠١١ی رێکەوتی شەشەمی بانەمەری ساڵی ١٣٦٦دا "هەواڵ"ێکی نهێنیی لە بارەی وەزعی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە چاپ کردوە. بە پێی ئەم "هەواڵ"ە حیزبی ئێمە لە نێو ریزەکانی خۆیدا توشی "بێ‌سەرەوبەرەیی و لاوازی" بووە و بەم هۆیەوە سکرتێری گشتیی حیزب هاورێ دوکتور عبدالرحمن قاسملوو لە نامەیەکدا کە بۆ جەلال تاڵەبانیی نووسیوە، "وێرای ئیقرار بە وەزعی نابەسامانی حیزب" داوای لێ کردوە ببێتە نێوبژیوان" و بۆ سکرتێر و ئەندامانی دیکەی حیزب" لەکۆماری ئیسلامی ئەمان‌نامە وەربگرێ.
ئێمە وێرای چاپکردنی کلیشەی "هەواڵ"ە نهێنییەکەی رۆژنامەی "کیهان"- وەک گاڵتەیەکی خەبەری، خوێنەرانی "کوردستان" و هەموو هاونیشتمانانی خۆشەویست دڵنیا دەکەین کە خەباتکێرانی حیزبی
برووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی

ئەو راپۆرتە خەبەرییەی تاڵەبانیی لە ژمارەی ١٣٠١١ لە رێکەوتی شەشەمی بانەمەری ١٣٦٦ رۆژنامەی کیهان لە داچاپ کرابوو.

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لە رۆژنامەی کوردستان دا دەقی ئەو راپۆرتەی تاڵەبانیی کە ناردبووی بۆ وەزارەتی ئیتتیلات لە ژمارەی ١٢٧ لاپەرەی ١٦ جۆزەردانی ١٣٣٦ ( ژوئەنی ١٩٨٧) لە ژێر ناوی " رووت خەون بە دوو گەز جاوەوە دەبینێ" چاپ کردبوو.بو دیتنی لاپەرەکە کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl دابگرە. ئەوەش تەعلیقێکی هەزەلیی(گاڵتەیی) مەلا عەبدوللا حەسەنزادە یە بەرلەوە لەگەل تاڵەبانیی و ئێتتیلاعاتی سپاو صحرارودی و وەزارەتی اطلاعات بە دژی د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی و حدکا هاوکاریی بکا.

دەقی گاڵتەکردنەکەی مەلا عەبدوللا بە راپۆرتە خەبەرییەکەی تالەبانیی بۆوەزارەتی اطلاعات بەم جۆرە بووە:

"رووت خەون بە دوو گەز جاوەوە دەبینێ"

"رۆژنامەی کیهان " کە لە تاران چاپ دەکرێ لە ژمارەی ١٣٠١١ رێکەوتی شەشەمی بانەمەری ١٣٦٦ دا " هەواڵ" ێکی نهێنیی لە بارەی وەزعی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی ئێرانەوە چاپ کردووە . بە پێی ئەم هەواڵە حیزبی ئێمە لە نێوخۆیدا توشی " بێسەرەوبەرەیی و لاوازیی بووە و بەم هۆیەوە سکرتێری گشتیی حیزب هاورێ د.عەبدوڕرەحمان قاسملوو لە نامەیەکدا کە بۆ جەلال تالەبانی[ تاڵەبانیی] نووسیوە، "وێرای

ئیقرار بە وەزعی نابەسامانی حیزب "داوای لێکردووە ببێتە نێوبژیوان "بۆ سکرتێرو ئەندامانی دیکەی حیزب " لە کۆماری ئیسلامیی ئەماننامە وەربگرێ."

*"ئێمە وێرای چاپ کردنی کلێشەی هەواڵەنهێنییەکەی رۆژنامەی کیهان وەک – گاڵتەیەکی خەبەری –، خوێنەرانی کوردستان و هەموو هاونیشتمانانی خۆشەویست دڵنیا دەکەین کە خەباتگێڕانی حیزبی دێموکراتی ئێران ، وەڵامی ئەو فڕو فیشاڵ و درۆ و دەلەسانە لە مەیدانی شەری. رزگارییخوازیی نەتەوەیی بە کۆنەپەرستان‌دەدەنەوە"*

تاڵەبانیی بۆ پێکهێنانی وتوویژی نێوان د.قاسملوو و تێرۆریست– دیپلۆماتەکان بۆ کۆبوونەوەی ٢٨ دێسامبری ١٩٨٨ پێشنیاردەر، شوێن‌دابینکەر و بەڕێوەبەری پلانەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بووە. دواتر بە وردیی لە دەوری ناوبراو بە هاوکاریی ئەندامانی تەنزیمەکەی و هاوکاریی مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادە لەگەڵ تێرۆریستەکانی سەر بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بۆ تێکشکاندنی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بە بەڵگەنامەکان‌دا دەچینەوە.

ناردنی "راپۆرتی خەبەریی" دوور لە واقعییەتی تالەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی رژیمی کۆماری ئیسلامیی بە مانای هەڵکردنی چرای سەوز بۆ تێرۆری د.قاسملوو و داخوازی ئەسپاردنی ئەرکێک بە نووسەرەکەی بووە.

تەنزیمەکەی تالەبانیی لە مانگی دەی ١٩٨٦وە بە پێی رێکەوتنە کەی لەگەل باقری ذوالقدر کرا بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران . بروانە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا نووسینی نەوشیروان مصطفی ئەمین چاپەکانی یەکەم و دووهەم سالی ١٩٩٩ شوێنی چاپ برلین و سولەیمانیی .کرتە بۆ ئێرەبکەو Ctrlدابگرە. هەروەها تێکەڵاویی و توانەوەی تالەبانیی و تەنزیمەکەی لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارنی رژیمدا لە لاپەڕەکانی ١١٢ و ١١٣ و ١٠٤ و ١٠٥ کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا، نووسینی نەوشیروان مصطفی لە چاپەکانی یەک و دووی ساڵی ١٩٩٩ دا بخوێنەوە ! کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

تاڵەبانیی ونەوشیروان مصطفی و سەرانی تەنزیمی یەکێتیی بێ ئاگا لە سیستمی حکومەتیی، دەوڵەت، ئەرک و دابەش کردنی دەسەلاتەکان، چوونەتە ناو دەزگایەکی ئەمنییەتییەوە و تەنزیمەکەی خۆیان تێدا تواندووەتەوە. بە ئیقراری تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی ئەمین،خۆیان هاندەری رژیمی صدام بۆ خولقاندنی جینایەتی ژێنۆسایدی ئەنفالەکان، ژێنۆسایدی هەلەبجە، سەردەشت و توناکردنی هەمو بزووتنەوەکانی کورد بوون. بروانە راپۆرتی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی چواری ینک و لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین نووسینی نەوشیروان مصطفی ئەمین!

نووسەری ئەم بابەتە دوو جار لە کاتی جیاواز دا لە د.قاسملووی بیست کە : سەرانی دەوڵەتی عێراق پێشنیاریان پێکردبوو، حدکا رێگە بدا هێزی پێشمەرگە و ئەرتەشی عێراق لە حاج ئۆمەرانەوە هێرش بکەنە سەرهێزەکانی رژیمی ئێران و لە کوردستانیان وەدەر بنێن تاتەورێزیان راوبنێن.

د.قاسملوو وەلامی دابووە : حدکا کاری ئاوا ناکا.

عیراقییەکان دەڵێن بۆ چی حدکا ئەو کارە ناکا ؟ ئەی بۆچی حیزب و تەنزیمەکورد ستانییەکانی دیکە سپای پاسدارانیان بە کورستان وەرکردووە و شان بە شانی پاسدار هێرش دەکەنە سەر خاک و نیشتمانی خۆیان و دامەزراوەکانی ئەو ولاتە بۆ بێگانە تونا دەکەن؟.

د.قاسملوو ئەم پرسیارەیان لێدەکا: ئێوە پێتان وایە ئەو کارەی کە ئەوان دەیکەن باشە ؟ وەلام دەدەنەوە ، نەخەیر زورمان پێ‌خراپە. دوکتور قاسملوو تێیان رادەمێنێ و دەڵێ : ئێمەش ئەو کارەمان پێ خراپە. دیارە کە خراپە، لەبەر ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات کاری خراپ ناکا.

**ناساندنی پاسدار محمد باقری ذوالقدر واتە ئەوکەسەی کە رێکەوتنی تشرینی ١٩٨٦ بە تالەبانیی ئیمزاکرد**

نەوشیروان مصطفی ئەمین ئاشکرای کردووە کە تالەبانیی لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٦دا لەگەل فەرەیدون عەبدولقادر، د.کەماڵ خۆشناو ، دارا حەفید، رەفعەت عەبدوڕرەحمان، شێردڵ حەویزی، چوون بۆتاران و" رێکەوتن" ێکیان لەگەڵ ئێران، [ بخوێنەوە ئیتتیلاعاتی سپای

پاسداران ] ئێمزا کردبوو.نەوشیروان نووسیویە : لـە بـاتی یـەکێتیی نیشتمانیی کوردستان " مـام جـەلال و لـە بـاتی جمهوری ئیسلامیی ئێران محمدباقر ذوالقدر کە ماوەیەک بو[بوو] ببووبە سەرۆکی ستادی پاسداران ئیمزایان کردبوو.

بۆ ناسینی باقر ذوالقدر بروانە لێکۆلینەوەی دادگەیەکی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و شاهیدیی دانی ابوالحسن بنی‌صدر،سەرۆک کۆماری پێشتری ئێران لە ولاتی فەرەنسە.

لەسەر ئەو پاسدارە ئیتتیلاعاتیی مافیوزە. لەو سەرچاوەیە کە لە خوارە نیشان‌دراوە و بە زمانی ئینگلیزیی نووسراوە بروانە!

تەنیا لاپەرەکانی ١٣–٢٠ ی ئەو نووسراوەیە کە پێوەندیی بەو پاسدارەوە هەیە و کراوە بە کوردیی بخوێنەوە!

کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا لاپەڕەی ١١٢ نووسینی نەوشیروان مصطفی ئەمین. ناوبراو باقری ذوالقدری بـە نـاوی وەزیـر ی سـپای پاسداران ناساندبوو. کرتە بۆ ئەو لیکەی خوارەوە بکە Ctrl دابگرە!

http://ebooks6.com/Bani-Sadr-deposition-UNITED-STATES-DISTRICT-COURT-FOR-THE-SOUTHERN-download-w49457.html

ئەو لینکەی سەرەوە لێکۆلینەوەیەکی دادگەکی ئەمریکایە لە بنی‌صدر کە بەشێکی باقری ذوالقدرە. ئـەو لێکۆلینەوەیـە سەرنجراکێشـە بـەلام وەرگێران و راگواستنی ئەو ٣٣ لاپەرەیە بۆ ئێرە نەگونجاو بوو. نووسەری ئەم لێکۆلینەوەیە تەنیا ئەو بەشە کە پێوەندیی بە باقری ذوالقدرەوە هەبووە بۆ ئێرە راگواستووە و کردوویە بە کوردیی.

لەو کاتەدا کە تاڵەبانیی چووبـوو بـۆ تـاران و لـەگـەل بـاقری ذوالقدر رێکـەوتنی ئیمزاکردبـوو، بـاقری ذوالقـدر( بەڕێوەبـەری ئـۆدەی تێـرۆر و بریاردەری تێرۆری دژبەرانی رژیم( کومیتەی امور ویژه– بە وتەی ابوالقاسم مصباحی . شاهیدی Cس.) بووە. ئەو شـایەتیدانەی بنـی صـدر لـەو ٣٣ لاپەڕەیەدا بە پێویست نەزانرا کە لێرەدا بنووسرێتەوە. تەنیا ئەوبەشەی کـە پێوەنـدیی بـە بـاقری ذوالقـدرەوە هـەبـووە کـراوە بـە کـوردیی. رێکەوتنی تالەبانیی و باقری ذوالقدر بە وەبەرچاوگرتنی وتەکانی بنی صدر و بەرپرسایەتییەکەی جێی سەرنج و ورد بوونەوەیە.

**پرسیاری دادگا لە بنی‌صدر سەبارەت بە باقری ذوالقدر**، ئێوە شوناسییەکی تایبەتییتان لەسەر ناوبراو[ باقر ذوالقدر ] لە تاران هەیە؟

وەڵامی بەنی صدر: نا.

پرسیار. ئێوە زانیارییەکتان هەیە کە نیشانبدا پێوەندییەک لە نێوان ظواهری و ذوالقدر هەبێ؟

وەلامی بنی‌صدر ، ذوالقدر ، بەڵێ. ئەو ئەندامێکی چەند لایەنەی سیستمی تێرۆریستیی ئێرانییەکانە. ئەو چوو بوو بۆ میسر و وڵاتـانی دیکـە بەلام من زانیارییەکی تایبەتیم لەسەر ذوالقدر و دیداری ظواهری نەبووە.

پرسیار لە بنی‌صدر، تکایە دەکرێ باسی ئەو بەشە بکەی کە ذ والقدر بەڕێوەی بردووە؟

وەلام. لە حاڵی حازردا جێگری فەرماندەری سپای پاسدارانە. لە راستی‌دا شتێک زیـاتر لـە جێگر: ئـەو یـەکێ لـەو کەسـانەیە کـە بـە جێگری فەرماندەرە یان فەرماندەر پێناسەدەکرێ. لە سپای پاسدارانـدا تـاقم و گروپـێ جیـاواز هـەن. ذوالقـدر سـەر بـەو گروپەیـە کـە ئێمـە بـە گروپـی شیرازییەکانی ناودەبەین. ئەو خەلکی شاری شیرازە. لەگەل توندئاژۆکانی رژیمـە . لـە سـەرەتا دا کومیتەیـەک هـەبوو. ئـەو کومیتەیـە دەبـوو دیاریی بکا کە چ کەسانێک تێرۆر بکرێن. ذوالقدر سـەرۆکی ئـەو کومیتەیـەبوو. دواتـر رێنـوێن و سەرپەرشت و سـەررێنوێن و سـەر پەرشت و فەرماندەر بوو. کەسێک کە دەبوو تێرۆر بکرێ و پێشنیاری تێرکردنی کرابوو دەبوو ئەو تەئییدی بکا و دەستوری بەرێوەبردنی تێرۆرەکە بدا .

ویدەچێ دوای ئێوە ئەو بەشە نەمابێ.

ئەوە راستە کە دەسەلاتی رێبەرانی ئایینی بەرادەیەکی زۆر پەرەی پێدراوە ؟

وەڵامی بنی‌صدر، بەڵێ.

ئەوبەشە ی سەرەوە وەرگێردراوی لاپەرەی ١٨ و.دواترە ...

http://ebooks6.com/Bani-Sadr-deposition-UNITED-STATES-DISTRICT-COURT-FOR-THE-SOUTHERN-download-w49457.html

## Bani Sadr deposition UNITED STATES DISTRICT COURT FOR THE SOUTHERN

Bani Sadr deposition

UNITED STATES DISTRICT COURT
FOR THE SOUTHERN DISTRICT OF NEW YORK

------------------

18

05:16:40 the Shiraz group, because he is originally from the City of
05:16:47 Shiraz. He works with the hardliners of the regime.
05:17:04 In the beginning there was a committee that chose
05:17:07 the targets to be assassinated, and he directed that
05:17:15 committee. Afterwards, the Guide, the Supreme Guide,
05:17:27 the Supreme Leader, had to approve the target, and then gave
05:17:35 the order to execute that person.
05:17:37 Q. Who are these people that are being singled
05:17:47 out for execution? (Pause).
05:18:17 It seems that after you were removed,
05:18:23 the religious leaders' power increased greatly; correct?
05:18:32 A. Yes.
05:18:32 Q. And it also seems that when they took over
05:18:36 more power, they began to engage in these acts of terror; is
05:18:49 that correct?

**سپاس و پێزانین بۆ زەحمەت و دڵسۆزیی بەرێوە بەرانی هێژاو بە فەرهەنگی سایتەکانی**

Helwist

bokan.de

peshmergekan

rojikurd.info

**درێژەی دەبێ**

**٢٠١٦ /٦/١٦**